# پارتی و"عاشوورا وکوردی فەیلی" ... خەسرەو سایە

k. saya@ukonline. co. uk



چەند رۆژە تەلەفزیۆن و کەنالەکانی راگەیاندنی پارتی سەرقالی یادی"رۆژی عاشورا"و پیداهەلدانن بەسەرگوزشتەی حەسەن وحسین وهینانەوە پیشی ئەورووداوانەن کەلەم میژوودا ئامادەن. لەمبارەوە دیدارو بەرنامە پشت سەریەکەکان، لەکەنار نیشاندانی پۆستەرو فیلیمی خویناوی کەچون "شیعە موسلمانەکان" بەژن وپیاو ومنالانیانەوە وبەچاوی فرمیسك وئاهوزەناو سنگ کوتان ولەخودانەوە، زنجیر وشمشیرو قەمەی سووریان لەنیوەندی شارەکاندا رووەو خەلك وکۆمەلگا هەلبریوە.. هەمووئەمانە روویان لەوەیە تائەم رۆژە وئەم "تقوسە ئاینییە" لەسایەی حکومەتی دیموکراسی عیراقیدا وەك "روژیکی ئازاد وئازادی شیعەکان"، نیشان بدری. ئەمانە لەپال وەسف وریزلینانی دەزگای راگەیاندنی پارتی بۆئیسلام و رۆژی عاشووراو سەرگوزشتەکەی وپەیوەندی نیوان "موسلمانانی شیعەوسوونە"وبەتایبەتیش جیگای کوردی فەیلی لەم یادەدا.. حالەتیکی دراماتیکی سیاسی نیشان دەدات کەرۆچونی پارتی ودەسەلاتەکەی بۆنیو بەبەریەت وکۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی و سونەتە بۆگەنەکانی دەسەلمینی. بەتایبەتی کەئەم رۆژانە هەرەشەو نەعرەتە کیشانی رەوتە ئیسلامییەکان بەدژی کۆمەلگای بەشەری بەبۆنەی بلاوبوونەوەی چەند وینەی کارتۆنی محمەدەوە جیهانی لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدا راگرتووەو"شیعەکانی عیراق"یش، لەپیشیانەوە ئەلحەکیم و جەعفەری وموقتەدا سەدرو دەیان مەلا و ئاخوندی تر خەریکن یادکردنەوەی ئەم رۆژە وەك بەشیك لەسیاسەتی هەولدان بۆ ئیسلامیزەکردنی کۆمەلگاو فشار هینان بۆ سکولاریزم و ئازادیخوازی وسەرەنجام داسەپاندنی حکومەتی ئیسلامی بەدەستەوە گرتووە.. لیرەدا پرسیار ئەوەیە کەهۆی چییە پارتی وابەپەرۆشەوە بەرەو پیری ئەم یادەی شیعەکانچووە؟ ئایا ئەمە دەتوانی بەمانای پەیوەستبوونی پارتی ودەسەلاتەکەی بیت بەسەلماندنی ئازادی ئایینەکانەوە لەعیراقدا؟ بەراستی هۆی چییە کەئەمسال یادی عاشوورا ئەوگرنگییەی لای پارتی بۆ پەیدابووە؟

بیگومان ناسیونالیزم وکوردایەتی وحیزبەکانی ولەپیشیانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەباری پیکهاتی ئایدیۆلۆژی وسیاسییەوە لەگەل ئیسلام وبۆچوون وسونەتە داریزووەکانی، تیکەلاویەکی بنەرەتیان هەیە. گەرانەوەی پارتی وەك حیزبیکی تەقلیدی کەلەکۆشی بزوتنەوەیەکی ئاواوە داکەوتووە، بۆرابردووی ئیسلام وسونەتەکانی گۆشەیەکی بنەرەتی ئایدۆلۆژیك سیاسیە، بەمەبەستی لەقالبدانی ئیستای کۆمەلگا وژیانی خەلك، لەرابردوویەکدا کەئیسلام و میژووەرەشەکەی ئامادەیە. هینانە پیشەوەی رۆژی عاشوورا لەرۆژگاری وەك ئەمرۆدا، بەرلەهەرشتیك بۆئەوەیە کەئەم پەیوەندییەی نیوان ئیسلام و کوردایەتی دووبارە بەرهەم بهینیتەوە و بکریتە پیوانەیەك بۆپیناسەکردنی ژیانی خەلکی مەدەنی کوردستان. بەلام بەجیا لەمەش هەولدانیك کەپارتی بۆ یادکردنەوەی رۆژی عاشوورا گرتویەتییەبەر، لەمونافەسەیەك بەدەرنییە لەگەل یەکیتیدا بۆبەرین کردنەوەی نفوزی خۆی لەناوچەکانی خواروی کەرکوك و خانەقین و جەلەولا و توزخورماتوو، بەتایبەتی کەبریارە یەکیتی"ئەلحوسەینییە"لەشارەکانی خانەقین و کەرکوك بۆ "کوردە

فەیلی وشیعەکان" دامەزرینی. بەم حالەوە هیشتا ناتوانین ناوەرۆکی هەموو راستییەکانی پشتی ئەم هەولانەی پارتی ئاشکرابکەین، چونکە عاشوورای ئەمسال راستەوخۆ پەیوەندی بەمەسەلە سیاسییەکانی نیو بارودۆخی ئیستای عیراقەوە هەیە، کەلەپیشیانەوە پیکهینانی حکومەتی داهاتوی عیراق، مەسەلەی دانوسان و ریکەوتن لەگەل ئیسلامی شیعەکاندای کردۆتە پیویستییەکی رۆژ. هەربۆیە لەمبارەوە ئاماژە دان بەچەندلایەنی سەرەکی جیگایان هەیە:

سەرەتا پارتی لەئاراستەکردنی تەقەلاکانیدا بۆریزلینان لە"رۆژی عاشوورا" شان لەسەر ئیدعای "ئازادی تەعبیر" دادەنی. بەلام ئەم ئیدعایە لەهەموشتیك پوچترە بەتایبەتی بۆ پارتی ودەسەلاتەکەی کەهەرکەسیك تەعبیر لەخوی وبیرواری بکا ولەگەل ئیشتهای ئەودا نەیەتەوە ئەوا زیندان ودادگا چاوەروانیەتی. حوکمی ٣٠ سال زیندانی بۆ دکتۆرکەمال سەید قادر تەنها بەوهۆیەوە ووتاری نوسیوە و تەعبیری لەبۆچوونی خوی کردووە، بەسە بۆ بەدروخستنەوەی ئەم ئیدعایە. بەلام ئەوەی پارتی دەم لەئازادی تەعبیرەوە دەدات تەنها دەتوانی بۆ ئەوە بیت کەئاین وسوننەتەکانی ئیسلام بەسەرسەری خەلکی کوردستانەوە بەپیرۆز رابگری، تابتوانی خۆی وەك نوینەری ئەم ئاینە پیرۆز بکاو کەس نەتوانی لەبەرامبەریدا رابووەستیت. ئەمەش پرەنسیپیکی جیکەوتەی هەرچین و دەستەوتاقمیکی بۆرژوازییە کەدەسەلاتیان بەدەستەوەیە. بەواتایەکیتر موقەدەسکردنی عاشووراو میژووەکەی بەسەر سەری خەلکەوە بۆئەوەیە کەپارتی لەنیو فەزایەکدا کە ئیسلامییەکان لەهەولدان بۆئیسلامی کردنی کۆمەلگای کوردستان خۆی بکاتە وارسی ئیسلام و سونەتەکانی. لەمبارەوە بریاری پەرلمانی کوردستان بۆئیدانەکردنی بلاوکردنەوەی کارتۆنەکانی محەمەد، هاوکات بریاری دادگایی کردنی مەریوان هەلەبجەیی لەسەر کتیبەکەی، دوو هەنگاوی ترن کەدەرژینە نیو ئەم سیاسەتەوە. سیاسەتیك جگەلەوەی رووی لەوەیە کەپارتی نەخشیك بۆ رەوووتە ئیسلامییەکان لەنیوخەلکدا نەهیلیتەوە وخۆی بکاتە نوینەری باوەرە ئیسلامییەکان. هاوکات گەرەکیەتی بەم سیاسەتەوە بچیتە سوراغی دارشتنەوەی دەستوری کوردستان و جیبەجیکردنی بەندی گەرانەوە بۆ"ئیسلام وەك سەرچاوەیەك لەدانانی یاسا" و سەلماندنی مافە مەدەنیو کۆمەلایەتییەکانی خەلك لەسەر بناغەی ئەم ئاینە. لەلایەکیتریشەوە ریزلینان بۆعاشوورا وپیرۆزکردنی لەنیو جەرگەی هەولەکان بۆ پیکهینانی حکومەتی تازە لەعیراقدا، ئەوئامانجەی دەبی کەپارتی وسەرۆك بەرزانی وحکومەتە ناوچەییەکەی، لەنیو دیبلۆماسی و دانوسانەکان و پیویستی گری بەستی ریکەوتنە سیاسییەکان لەگەل شیعەکاندا، وەك لایەنیکی دلسۆرز وپەیگیر لەسەر ئاینی ئیسلام و سوونەتەکانی نیشان بدات.

بەلام بەجیالەمانە، کاتیك پارتی لەباسی ریزلینان لەعاشووراداا، بۆ"کوردە فەیلییەکان" دەگەریتەوە، ئەو سیاسەتە دینیتەوە پیشەوە کەپشتی بەئایدیۆلۆژیای تەقسیمکردنی کۆمەلگای کوردستان بەتیرەکان وپیکاتە ناوچەییەکان بەستووە، گوایە کۆمەلگای کوردستان پیکهاتیکی مۆلیکیولییە وئەتۆمەکانی بریتین لەعەشیرەتەکانی" سۆران وبادینان و هەورامان وفەیلییەکان وهەرچی وسورچییەکان". پارتی وەك حیزبیکی عەشیرەتی نیو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، خاوەنی ئەو بۆچوونەیەکە هاولاتییانی کوردستان بەپیی بنەمای فەبیلەو دەستەبەندکردنی ناوچەییان مەوجوودن و ئەمەش بناغەو چوارچیوەیەکە بۆ دیاریکردنی دورونزیکی ودوستایەتی هەریەك لەبەشەکانی "خەلکی کورد" بەبنەمالەی بەرزانییەوە. لیرەدا میژوویەك بۆ هەلسوکەوتی ئەم بۆچوونە دەبینری. سالانی ٦٠ و٧٠ کان

پارتی وەك حیزبیکی بإ رەقیب کەهەموو پانتایی بزوتنەوەی کوردایەتی داگیرکردبوو، هاوکات بارزانی و بنەمالەکەی رابەری بالادەستی نیو ئەم بزوتنەوەیە بوون، ئەوکات مەسەلەی گرنگیدان بە"کوردەفەیلییەکان" ودانی پلەوپایەو دەسەلات پییان بابەتی نیو سیاسەتیك بوو بۆ حاشیەیی کردنەوەی"کوردی سورانی" کەبارزانی بەهۆی جیابوونەوەی تالەبانی وتاقمەکەیەوە بەرق وکینەیەکی زۆرەوە مامەلەی لەگەل دەکردن. بەلام دوای شکستی پارتی و بارزانی سالی ٧٥ وپاشان سەرهەلدانی یەکیتی نیشتمانی وچەند حیزبیکی تر کەزۆربەیان پیکهاتیان لە"ناوچەی سۆران" دابوو، راپەرین وسەرهەلدانی دەسەلاتە ناوچەیییەکانی "سۆران وبادینان" سەرکردایەتی پارتی ناچارکرد کەبەم سیاسەتەیدا بچیتەوە ونەخشیك بۆ "کوردی سوران" قایلبیت، کەبیگومان ئەمەش بەزیانی"کوردەفەیلییەکان"ی نیو پارتی تەواوبوو. بەلام ئیستا پارتی لەواقعیەتیکی تازەدا خوی دەبینیتەوە کەئاراستەکانی لەنیو پرۆژەی دیموکراسی عیراق ودامەزارندنی حکومەتیکدایە کەلەسەر بنەمای تایەفەگەریی وتیرەو شوعبە ئاینییەکانی سوونەو شیعە دامەزراوە. لەم نیوەدا مەیدانیك کەپارتی چاوی تیبریوە "کوردە فەیلییەکانە" بەتایبەتی ئەنجامگیریەك کەبەدەستی هیناوە ئەوەیەکە "کوردەفەیلییەکان" دورکەوتونەتەوە و پشتیان لە"سیاسەتی بەرزانی نەمر"کردووە!!. ئەمە لەحالیکدایە هەلبژاردنی ئەم دوایانەی پەرلمانی عیراق نیشانیدا کەنفوزی شیعەکان چەندجار زیاترە لەنفوزیك کەپارتی هەیبووە لەنیو"کوردەفەیلی"یەکاندا. گرنگی دان بەرۆژی عاشوورا وریزلینان لە"ئەولادی موحەمەد" وهینانە پیشەوەی کەسایەتییە ناسراوە مەزهەب شیعییەکانی نیو "فەیلییەکان"، روو وەرگیرانەوەی پارتییە بۆ "قەبیلەیەك" کە دەتوانی دەوری رایەل بگیری لەبەستنەوەی دەسەلاتی پارتی و ئیسلام بەناوچەکانی کەرکوك وخانەقین وتوزخورماتوو... بەحکزمەتیکی فیرالییەوە کەپارتی و مەسعود بەرزانی تیایدا دەسەلاتدارو سەرۆکیەتی. بەلام ئاشکرایە کەئەنجامی ئەم سیاسەتە کونەپەرستانەیەی پارتی نەك هەربەزەرەری خودی "فەیلییەکان" یانی ئەو بەشە لەخەلکی کوردستان، کەهەویەتی قەبیلەییان بەبەرداکراوە، تەواودەبی، بەلکو راستەوخۆ بەدژی رەوتی روولەپیشی مەدەنی وشارستانیتی کۆمەلگای کوردستان و ماف و ئازادیە فەردی ومەدەنییەکان گیراوەتەبەر. سیاسەتی خو خەواندن لەژیر سایەی هەولدانی رەوتە ئیسلامییەکان بۆئیسلامیزەکردنی کۆمەلگای کوردستان و بردنی ژیانی میلیۆنەها ئینسان بۆ ژیر سایەی بەربەریەتی ئیسلامی ودەسەلاتە نوییەکەی کەبریارە لەعیراقدا، بەهاوکاری ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی دامەزری.. ئەمەیە ئەوپیش خزمەتیکردنەی کەپارتی لەریزی پیشەوەی حیزبە کانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بۆی راوەستاوە.

بەلام خەلکی موتەمەدن و شارنشینی کوردستان دەبی بەئاگایانەوە لەم هەولانەو لەم سیاسەتانەی پارتی وحیزبەکانی کوردایەتی بروانن نابی ئەوان ریگابدەن کە ژیانیان بەسوونەت و داب ونەریتە پرتووکاوەکانی ئیسلام و رابردووەکەیەوە لەقالب بدری، تەقسیماتی قەبیلەیی وناوچەیی ریگایەکە بۆ پەلاماردانی فەرهەنگی شاری و پیشکەوتنخوازی خەلك و دەبی ئەم پیناسانەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد کە بۆهاولاتیانی کوردستانی دەیکەن بەیەکجاری تورهەلدری. دەسەلاتە عەشیرەتی و بنەمالەیییەکانی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی نامون بەژیانی مەدەنی وسکولاری خەلکی کوردستان. تەقدیسکردن و ریزلینان لەداب ونەریتی قەمەو شمشیر وەشاندن و سنگ کوتانەکانی رۆژی عاشوورا و نەمازی مەلا وگریەوفرمیسکی دروزنانەی ئاخوندەکان

کەلەلایەن پارتییەوە تەخشان و پەخشان دەکریتەوە، تەنها بۆئەوەیە کەفەزای زەینی ئامادەکەن تا دەستورو یاسا وموقەدەسات وشەریعەت وسەرەنجام حوکمی ئیسلامی بەسەر خەلکەی کوردستانەوە داسەپینن و بیکەنە پیوانەیەك بۆ دیارکردنی ماف وئازادییەکانیان.
ئەمەیە ئەو پیلانە ناموقەدەسەی کەپارتی گەرەکیەتی لەریگای موقەدەسکردنی "عاشوراو کودی فەیلی"یەوە بیباتەپیشەوە!
٢٠٠٦/٢/١٠